کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-5-2007 21:43

## بەرنامەی بێدارانی شەو سمبولێک بۆ خۆشەویستی ... جهانگیر ئەحمەد

بەرنامەی بێدارانی شەو ئەو بەرنامەیە کە لە ڕادیۆ ڕەنگینەکەی ((دەنگی گە لی کوردستان)) پەخش دەکرێت، ئەم بەرنامەیە هەموو شەوێك کاتژمێر (12) ی شەو دەست پی دەکات تا کاتژمێر 1/45دەقیقە، پێشکەشکەرانی ئەم بەرنامەیە (ئیدریس جەعفەر وسەیران عەلی) یە، ئەم بەرنامەیە بووەتە ماڵێك بۆ هەموو بێدارانی شەو بە تایبەتی ئەو بێدارانەی کە عاشقن هەروەها بووتە ڕێگا نیشاندەری هەموو لاوان وبێداران بەهۆی باسکردنی چیرۆك ودانانی تەوەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەندی دەکەن گفتوگۆ لەسەر ئەو تەوەرانە دەکەن، لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەوە زۆر کەس بوونەتە هاوڕی وخۆشەویستی یەکتر وچەندین کەس هەر لە لایەن ئەم بەرنامەیەوە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. بەرنامەی بێدارانی شەو هەر لە سەرەتایی دەست بە کاربوونیەوە ئامانجی ئەوە بووە کە یارمەتی وکۆکردنەوە وخزمەتی گەنجان بکات، هەر بە بۆنەی ئەم بەرنامەیەوە لە زۆربەی شار وشارۆچکەکانی کوردستاندا بنکە کراوەتەوە بۆ کۆکردنەوەی گەنجانی شارەکان وهاوکاری یەکتر کردن، بەرنامەی بێدارانی شەو تا ئێستا لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا چەندین کۆڕی شیعری کردۆتەوە ودەیەوێت لە هەموو شارەکاندا کۆڕی شعری بکات بۆ خزمەت کردن وبەرەو پێشەوە چوونی هونەر وئەدەبی کوردی، تائێستاچەند کەس ولایە نێك هەوڵێ ئەوەیان داوە کە بەرنامەی بێدارانی شەو تێك بدەن وپشێوی بخەنە ناویەوە بەڵام بی سوود بووە، چونکە ئەم بەرنامەیە کاری تەنها بۆ خزمەتی لاوان وبێداران بووە نەك بۆ کاری سیاسی وحزبی، من لێرەوەبەوکەسانەدەڵێم بەرنامەی بێداران تەنها قوتابخانەی ئێمەی گەنجانە بۆیە هەوڵەکانتان بی سوودەو داواتان لی دەکەم چیتروازلەگەنجان بێنن باکەمێك ئازاد بین، جێگای خۆیەتی هەموو کەسێك لە ئێمە دەست خۆشی لەو بەڕێزانە بکات کە ئەو بەرنامەیە بەڕێوە دەبەن.

تێبینی/ ئەوەی نووسیومە تەنها باسکردنی ئەو بەرنامەیەیە نەك وەسف وستایشکردن.

کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.